# پەقڵەی خۆشی

سیروان کاروانی

ئەگەر بەخت یار بێ زۆرجار ئارەزوو و خواستەکان مسۆگەر دەبن، سروشت جوانە بۆیە خۆشەویستە و ئادەمیزادیش چونکە هەر زادەی ئەم سروشتەیە، بۆیە هەر بە دیمەنی ئەو وەك خونچەلاولاو ڕووگەش دەبێ و دەکرێتەوە، بۆنخۆش دەبێ، پەلوپۆ دەهاوێژێ و باسکەکانی بەسەر خاکوخۆڵدا دەکاتەوە.

ڕاستیان گوتووە: (بەهار شفایە)، باشترین داودەرمانی بێزاری و ڕاونانی غەم و پەژارە و نیشانەی ئاشتییە، بەهار دووری نزیك دەکات و بەهار باوەڕی سەرکەوتن بەرەو لووتکەی ئەڤین و خۆشەویستی بەرز و گوشادتر دەکات. لە ڕۆژانی ئەم وەرزەدا، مرۆڤەکان لە هەموو ڕۆژەکانی تری ساڵ، زیاتر دڵیان بە ژیان خۆش دەبێ و هیوای حەز و ئارەزووەکانیان نوێ دەکەنەوە و شادانیان بە بوونی خۆیان دێ.

ئەگەر ئافرەتیش بۆی بلوێ و جوان بێ، ئەوا لە خۆشەویستیدا شان لە شانی سروشت دەدات و هەندێك جاریش جێگای سروشت دەگرێتەوە، واتە خۆشەویست و دلارا دەبێ. بێگومان ئەویش هەر ڕاستە کە گوتوویانە: (جوانترین دیاریی خودا بۆ پیاوان، ئافرەتە*)، بەلام دەبێ شتێکیش لەبیر نەکرێ کە ڕەوشی جوانی و هزری پڕ لە شایانی دیقەت بە جوانی و دیمەنی دەرخراو نییە، چونکە لە ئافرەتیش جوانتر هەیە، ڕەوشتە.

*ئەوەی* هەر لە بیر بوو، کە بیست و پێنج ساڵ لەمەوپێش یەکەم داخوازیکەری هاتبوو، ئەمیش چیی وەلام دابووەوە:

– دەمەدەمی ئێوارە بوو، هێشتا زەردە لە کەل ئاوا نەبووبوو. لە دەم کانی قرژاڵ لەگەڵ دەستەخوشکەکانم دانیشتبووم و بیرم لە بەربوونەوەکەوی چوار ڕۆژ پێشترم دەکردەوە، کە چۆن بە سەتڵە ئاوەکەوە، لە ڕێچکەڕێیە بەردەلانەکەی نێوان کانی و بەری مالان لە بەردێکی نووك قەڵەمبڕ ساتمەیەکم دا و بەربوومەوە. لەو بەربوونەوەیەدا، زنجم بریندار بوو و تا بن مەلاشوشم هەر ئازار و براچە بوو. ئەو ڕۆژە، تفم بە تەواوی بۆ قووت نەدەدرا و دەمگوت: تۆ بلێی ئەمجاریش چاك ببمەوە و ئازار یەقەم بەربدا! ئۆیش... ئەو دوو ڕۆژە چەند ناخۆش بوو، کاتێك لە ماڵ کەوتبووم و نەدەهاتمە دەرەوە! هەر دەتگووت پیری سەدساڵە و پەککەوتەی لەمێژینەی سەر جێگام. زۆر شووکور! هەر زوو چاك بوومەوە و لە نێوان کانی و مالاندا، بەسەر بەردە خواروخێچەکاندا دەستم بە هاتوچۆکردن کردەوە و لە جاران بەگوڕتر بووم و ڕۆژانە چەندین کاروانم دەکرد. کورە نەوەڵلا... مەگەر کانییەکە وشکی بکردایە، ئەگینا من هەر ماندوو نەدەبووم. مرۆڤ، لە کارکردن چۆن ماندوو دەبێ، من پێم وایە کەس لە ئیشوکار ماندوو نابێ، بەڵکوو وشەیەکی زڕ مێشك ماندوو دەکات، ئۆقرەی لێ دەبڕێ و نایەڵێ بحەسێتەوە. دەمبینی باوکەپیرەم، شەو و ڕۆژ لەو دەشتە لە دەوروبەری پارچە زەوییە قەسپۆکەکەمان خەریکی کاسبی بوو. ئەوکاتانەی جووت تەواو دەبوو، بە دەستی دەکەوتە بژارکردنی بەردەکان، هەر بۆیە هەموو دەوری پارچەزەوییەکە پڕ بوون لە غەرەبەرد. ئەو بە شێوەیەك ڕاهاتبوو، کە دووپشکی لەسەر دەستی دادەنا زیانی پێ نەدەگەیشت، ئەمانە هەموو لە ئەنجامی کارکردن بوو، کەچی باسی ماندووبوونی نەدەکرد و شووکوری ئەو خودایەی دەکرد. باشیشم لەبیرە، هەر کە هاتن و گوتیان ئاواییەکەتان چۆڵ بکەن، ئیتر چەند ماندوو بوو و، هەر لەو پێناوەشدا سەری نایەوە.

لەگەڵ ئەو هەموو ناهەموارییانەشدا، مێردەزمەکان بوون بە خاوەنی پارچە زەوییەکەی ئێمە و هەموو زەوییەکانی تر و لەژێر پێیاندا دەیانکێڵن و بەناویان دەهێنن.

*بەڵێ*، سەرەتای بەهار و خۆرهەتاوێکی خۆش بوو. ئەم دەشت و یاڵ و شاخانەی خودا بە ئێمەی بەخشیوە و لەسەری دەژیین، بەهار بە جۆرێکی پۆشتە کردبوون، کە هەموو ڕەنگەکانی جیهان کۆبکەیتەوە لاسکەگوڵێکی قەدپاڵی ئەو کێوانەت بۆ دروست ناکرێ. من، ئەو کاتە کۆڵم کردبوو، جلەکانم شوشتبوون و لەسەر چیلکەدار و گابەردەکانی وێندەرێ هەڵمخستبوون. وەختی ئەوە هات کە دەقونوشتیان بکەم و لەگەڵ سەتڵەئاوەکەم ئەویان بە شانمەوە و ئەمیان بەسەر سەرمەوە، بەرەو ماڵ ڕێبکمەوە. ئەو وەخت شازدەساڵێك دەبووم. هەستامە سەر پێ و یەك، دوو، سێ و چوار جلەکانم هەموو کۆکردنەوە و، لەناو بوخچە گەورەکەم پێچان و کردمە لایەکی شانمەوە. پێشتر سەتڵەکەم لە ئاوی کانییەکە پڕ کردبوو، بۆیە دەستم برد ئەویشم هێنا و خستمە سەر تەوقی سەرم. ئەوسا چەند هەنگاوێکی باش لەوێ دوورکەوتمەوە. خەریکی خەیاڵەکانی خۆم بووم، لەپڕ دەنگێکم گوێ لێ بوو، سەرم بەرز کردەوە، بینیم "بێخود"ی براگچکەمە و دەڵێ:

– تاتە ! خێرا وەرەوە، لە ماڵەوە کاریان پێتە.

– کێ کاری پێمە ؟

– دایك و باوکم.

– باشە کاری چییان پێمە ؟

– ئەرێ من چوزانم، میوانیان هاتووە.

– ئۆیش، ئەوا هاتم.

ئیتر هەر ئەوەندەم زانی تەقڵەیەکم دا و بەربوومەوە. لەوێدا، بلێچە لەناو چاوم بەرز بووەوە و ماوەیەك دەماودەم کەوتم و ناو دەمم پڕ بوو لە خوێن. دنیایەکی سەیرە ! خۆزگەم بەو ڕۆژە ! لەسەر ئەو حاڵەوە، دەستەخوشکەکانم پێیان دەگوتم: خوشکێ، ئەوە تەقڵەی خۆشییە.

دەڵێن مرۆڤی باش، هەر هیچ نەبێ، خاوەنی هەرێی خۆیەتی. ئەو زۆر لەمێژ بوو هەرێی ئەوەی دابوو شوو نەکا هەتا بە مراز دەگا و، ئەو هەرێیەشی گەیاندە جێ. ئەو کچێکی سەلار، قەشەنگ و میهرەبان بوو. لووتەلاییی نەدەزانی و بە بیستنی وشەیەکی خەنداوی وەك نەسیم هەڵی دەکرد و وەك ئاسکی ناو پاوەن دەکەوتە سەمای خۆشی. ڕۆژانە، ئەو هەموو سەتڵەئاوەی لە کانییەکەوە بۆ ماڵ دەکێشایەوە، بەبێ ئەوەی جارێك لە جاران سەتڵێك بشکێنێ. کە دەستی دەدایە کارێك، وەك ئەسپی کحێل توند بۆی دەردەچوو و، تێبڕوانە، کارەکەش نەیدەویست زوو ئەنجام بدرێ و کۆتاییی بێت، ئەویش خۆشیی بە دەست و پەنجە نەرم و شلەکانیدا دەهات. سەرەڕای ئەوانەش، قەڵسیی هەر نەدەزانی.

سەیرەکە لەوەدابوو، کە ئەو شوی بە کەس نەدەکرد. دەستی دەنا بە رووی هەر داخوازیکەرێکەوە، کە لە خۆڕا بۆ داخوازیی دەهاتن. کەسوکارەکەی و تەنانەت دەوروبەریش پێی سەرسوڕما بوون. هێندێك دەیانگوت: تۆ بڵێی بە جوانییەوە بنازێ! هێندێکی تر دەیانگوت: باشە، ئەدی شوو بە کێ دەکات؟ هەموو ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری تر لەناو خەڵکدا پەنگیان دەدایەوە و، ئەوە ناتۆرەش لەولاتر.

www.kurdistannet.org

ئێستا چل و یەك ساڵە، هێشتا بوخچەی نەکراوەیە و، هەنوکەش لە دوای داخوازیکەری یەکەمی دەگەڕێ. لە دەوروبەریش، کەسێك پرسیاری شووکردنی لێ ناکات و بە قەیرەی دەزانن. ئەدی ئەو هەموو پرسیارە ڕووکرانە سەر کام زبڵدانەوە؟

ئێستا، جاروبار هەر لەگەڵ خۆیدا دەدوێ، جاروبار بەبێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەن بۆ خەڵك دەدوێ و، جاروباریش تەنانەت بۆ سروشت و دەوروبەر دەدوێ و باسی تەقڵەی خۆشی دەگێڕێتەوە. هەموو جارێکیش کە باسی داخوازیکەری یەکەمی دەکات، بەم شێوەیەی دەڵێ:

– ئاخر پارێزەری نیشتیمان بوو!

ئاخر دەیوت: نایەڵم ئاواییەکەمان چۆڵ بکەن!

ئاخر خۆی بۆ هی دی بە کوشت دا!

ئاخر لەو دنیاش هەر لە دوای دەگەڕێم!

*ئەم وتەیە لە فلیمێکی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە.

www.kurdistannet.org
KURDISTAN NET